# له گه‌ڕانه‌وه‌یه‌کدا

*ئه‌وه‌ی لێره‌دا ده‌یخوێننه‌وه‌, کۆمه‌ڵێك وێنه‌ی خێران که‌ له‌ کاتی گه‌ڕانه‌وه‌مدا بۆ کوردستان له‌ ساڵی 1999 گیراون. زۆربه‌ی ئه‌و ناوانه‌ی که‌ له‌م نووسینه‌دا هاتوون, ناوی ڕاسته‌قینه‌ی ئه‌و ئازیز و ئاشنایانه‌ن که‌ به‌بێ ئه‌وان, زۆربه‌ی ئه‌م برووسکه‌ خێرایانه‌ نه‌ ده‌گیران. هه‌ر بۆیه‌ش ناوه‌کانیان وه‌ك خۆیان ده‌نووسمه‌وه‌.*

ده‌گه‌مه‌ به‌رده‌م دوا سه‌یته‌ره‌ی پارتی دیموکراتی کوردستان له‌ ناوچه‌کانی ژێر ده‌سه‌ڵاتی خۆیدا. گه‌نجێك که‌ ته‌مه‌نی له‌ بیست ساڵ تێناپه‌ڕێت, دێته‌ به‌ر په‌نجه‌ره‌ی لای شۆفێره‌که‌ و ده‌پرسێت: له‌ کوێوه‌ دێن و بۆ کوێ ده‌چن؟ من له‌ وه‌ڵامدا ده‌ڵێم: له‌ ده‌ره‌وه‌ هاتوومه‌ته‌وه‌ و به‌ره‌ و سلێمانی ده‌ڕۆین.
که‌مێك ده‌چێته‌ دواوه‌ و ده‌ڵێ: فه‌رموون! به‌خێرچن بۆ ئه‌و شاره‌ی که‌ له‌ خه‌ونیشمدا وازم لێناهێنێت.
ئه‌و گه‌نجه‌ دانیشتووی شاری سلێمانییه‌ و به‌وه‌ی که‌ لایه‌نگری پارتی و چه‌کداری ئه‌و حزبه‌ بووه‌, ئێستا ناتوانێت سه‌ردانی شوێن ژیانی خۆیی و که‌س و کاره‌که‌ی بکات. ئه‌م خه‌ونه‌ بۆ چه‌کداری سه‌یته‌ره‌که‌ی تر که‌ خه‌ڵکی هه‌ولێره‌ و لایه‌نگری یه‌کێتییه‌, به‌ هه‌مان زمان و به‌ ده‌سته‌واژه‌یه‌کی که‌مێك جیاوازتر دێته‌ گۆ.
پاش ئه‌وه‌ی له‌وێ ده‌رده‌چین, ده‌که‌ومه‌ یادی خه‌ونێك که‌ بڕبڕه‌ی شیعرێکی (جه‌لالی مه‌له‌کشا) پێکده‌هێنێت: "ئاخۆ ده‌بێ ئه‌و ڕۆژه‌ بێ \ کاوه‌ی کوڕم جانتای سه‌فه‌ر کاته‌ شانی\ ده‌ڵاڵانی به‌ر گه‌راجی شاری سنه‌\ هاوار بکه‌ن\ سلێمانی, سلێمانی"
ئاخۆ شیعر له‌ چ نه‌هامه‌تییه‌کی ڕۆحیدا بژی, کاتێك خه‌ونی به‌زاندنی سنووره‌کانی نێوان ده‌وڵه‌ته‌کانی لیده‌سێندرێته‌وه‌ و بچووکتر ده‌کرێته‌وه‌ بۆ به‌زاندنی سنووره‌کانی نێوان دوو شار که‌ ده‌که‌وێته‌ چوارچێوه‌ی هه‌مان وڵاته‌وه‌.

سه‌رێکی ئه‌و گه‌ڕه‌که‌ ده‌ده‌م که‌ هه‌موو منداڵیمی له‌ ناو کوچه‌ و کۆڵانه‌کانیدا حه‌شارداوه‌. ده‌ستێك له‌ و عه‌مووده‌ ده‌ده‌م که‌ زۆر جاران له‌گه‌ڵ منداڵانی تری گه‌ڕه‌کدا پیایدا هه‌ڵده‌گه‌ڕاینن. ته‌نها هه‌ست به‌ گه‌رمی شوێن په‌نجه‌کانی خۆم ده‌که‌م. له‌ "وشیار"ی دوکاندار ده‌پرسم: کوڕان و کچانی گه‌ڕه‌ك چییان لێهات؟ (له‌ من و خالید به‌و لاوه‌ که‌سی تیا نه‌ماوه‌. ماڵه‌کانی گه‌ڕه‌ك پڕن له‌ کرێچی تازه‌. حه‌ساری ئیقتیسادی ماڵی ..... ڕه‌وانه‌ی ئێران کرد و ئێستاش هه‌ر له‌ به‌نده‌ر عه‌باس ده‌ژین. کوڕه‌کانی ....... له‌ شه‌ڕه‌کانی یه‌که‌می یه‌کێتی و پارتیدا کوژران. کچه‌کانی ......شوویانکرد و ئێستاش له‌ هه‌ولێر ده‌ژین. پیره‌کانی گه‌ڕه‌کیش یه‌ك به‌ دوای یه‌کدا و به‌چۆڵبوونی کۆڵانه‌کانی گه‌ڕه‌ك مردن. دراوسێکانی ئه‌و دیوتان به‌ ماڵه‌وه‌ له‌ ئه‌ڵمانیان. کوڕه‌که‌ی ...... له‌ ئاوی نێوان تورکیا و یۆناندا خنکا.)
ڕووخساری وشیار, تۆمارگه‌ی ڕووداوه‌کانی گه‌ڕه‌کێکه‌ که‌ له‌ ماوه‌ی هه‌شت ساڵدا سه‌ری پێ سپی کردووه‌ و له‌ ده‌موچاویشیدا که‌ له‌ بیست و نۆ ساڵ تێناپه‌ڕێت, پیرێتی نیشته‌جێ کردووه‌.

کاتێکیش دوکانداری کۆڵانەکەی ئەو دیو گەڕەکی خۆمان دەبینم کە لەگەڵ وشیاردا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە, ناکەومە هەواڵپرسینی کوڕان و کچانی ئەوێ.

لە " گۆنا" دەپرسم: ڕووناك بۆ شووی نەکردووە؟ : خاڵە ئێستا مۆدێلی هەشتا و سێ دەبەن.
ڕووناك مۆدێلی ساڵەکانی شەستە و پرچی سپی ژێر لەچکەکەی بیرخەرەوەی "مۆدێل" ێکە کە لە بازاڕدا دەمێکە بەسەر چووە. ئۆتۆمبیلێك لەبەر دەرگای ماڵی خوشکمدا دەوەستێت و منداڵێك ڕادەکاتە ژوورەوە و بانگمدەکات کە هاوڕێیەکی خۆم, بە " لیلی علوی" یەکەوە لەبەر دەرگا ڕاوەستاوە. کاتێك منداڵان لە زمانی گەورەکانەوە ئۆتۆمبیلێك بە لیلی علوی ناودەبەن, ئاسایی تر دێتەبەر گوێ کە تەمەنی ڕووناك بە مۆدێلی سەیارەکان بپێورێت.

لە بەردەرکی سەرادا دوو پۆلیس کەسێکیان پێش خۆیانداوە و دارە ئەستوورەکانی دەستیان کە لە ئامادەباشدان بۆ بەکارهێنان لە پشتی کابراکەوە, سەرنجی من بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. من لەو دیمەنە ووردەدەبمەوە, وەك چۆن هەموو ڕێبوارانی دیکەی شەقام وادەکەن. منداڵێکی بۆیاخچی, بەخۆیی و سندوقی بۆیاخکردنەکەیەوە, سەرنجی دیمەنەکە دەدات و ڕوودەکاتە من: جا خۆ مامۆستا, هەر کەسێ لەو دارانەی بەرکەوێت یەك هەفتە گۆرانی بۆ ناوترێت. من لێی دەپرسم: بۆ تۆ هەموو ڕۆژێك گۆرانی دەڵێیت؟ ئاخر ئەگەر هەموو ڕۆژێك گۆرانی نەڵێیت, لەم وڵاتەدا زووتر دەمریت.

لەبەردەم ئوتێلی ئاشتییەوە سواری تاکسییەك دەبم و دەمەوێت بگەمە لای ماڵەکانی ئیسلاح. شۆفێرەکە کابرایەکی تەمەن چل سالانەیە و تەواو مەستە. ئۆتۆمبیلەکەی زیاتر لە عەرەبانە دەچێت وەك لە ئۆتۆمبیل. من بە گومانم لەوەی بمگەیێنێتە شوێنی خۆم. ئەو دەڵێ: پەلەمان چییە, شەیتان پەلەی کرد چاوی خۆی کوێرکرد. بۆیە منیش کۆتایی بەوە دێنم کە بڵێم: تۆزێك خێرا لێخوڕە! پێیدەڵێم: بیرت لەوە نەکردۆتەوە کارێکی تر پەیدا کەیت و واز لەم سەرەتانە بهێنیت؟ بەشەرەفم هێندە نەگبەتم ئەگەر ماستاویش بخۆمەوە دانم دەشکێنێت. لە گەرمەی شەڕەکاندا بڕیارمدا ببمە گۆڕهەڵکەن, کەچی لە بەختەکەی مندا شەڕیش وەستا. پاش بیست و پێنج دەقیقە کە بڕیار بوو پێنج دەقیقە بخایەنێت, دەگەمە شوێنی مەبەست. شۆفێرەکە زەردەخەنەیەکم بۆ دەکات و دەڵێ: نەمووت هەر دەگەین.

لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێمدا لە شەقامی مەولەوی ڕاوەستاوین. کەسێك کە بە جلوبەرگەکەیدا لە "شێت" دەچێت لە ناو جەرگەی شەقامەکەدا ڕاوەستاوە. ڕێبوارێك کە بەو بەردا پێدەپەڕێت, هاوارێك دەکات: شێتە چەقی ڕێگاکە بەردە, ئەگینا وەك کاکە شێتەکەی ترت, ئۆتۆمبیلێك دەتشێلێت! ڕووخساری سەر چەقی ڕێگاکە بۆ من ئاشنا نییە. ئاخر هەروەك چۆن سلێمانی گەورەتر دێتە پێش چاو و ئاڵوگۆڕێکی گەورەشی بەسەردا هاتووە, ئاواش شێتەکانی شار لە زیادبووندان. "حەمە", ئەو کەسەی لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا ڕاوەستاوە و لە ئێمە دەڕوانێت, یەکێك لەو ڕووخسارە نوێیانەیە. سالاری هاوڕێم بانگی دەکات و جگەرەیەك و لەفەیەك گەسی بۆ دەکڕێت. سالار کە پێشتریش ئاشنایەتی

لەگەڵ حەمەدا هەیە, چاوەڕێیدەکات تا هێمن بێتەوە. حەمە دەڵێت: کاك سالار ئیزعاجییانکردووم. دووکاندارەکان پێمڕادەبوێرن, جنێوم پێدەدەن. دەزانی چی کاك سالار, من حەزدەکەم لەگەڵ ژناندا دانیشم, ئاخر ئەوان گاڵتەم پێناکەن. ئەوان پڕ لە ئیحساسن.
لە کوردستاندا ڕۆژانە چەندەها ئافرەت دەکوژرێن و کەس و کارەکانیان خۆیان ناکەن بە خاوەنیان. دەکرێ لەسەر گۆڕە بێناوەکانیان بنووسرێت: ئەوان پڕ لە ئیحساس بوون, بۆیە کوژران.

کاتی بەربوونی قوتابخانەیە و شوێنیش نزیك قوتابخانەیەکی ناوەندی کچانی گەڕەکی هەواری تازەیە. ژمارەی ئەو کچانەی بێ حیجابن, دانە دانە. حیجاب و جبەلەبەریش لە ژماردن نایەت.
کاتی بەربوونی قوتابخانەیە و شوێنیش نزیك قوتابخانەیەکی ناوەندی کچانی گەڕەکی سەرچنارە. ژمارەی ئەو کچانەی بێ حیجابن, لە ژماردن نایەت. حیجاب و جبە لەبەریش دانە دانە.
پەیوەندییەکانی نێوان بازاڕ و دین لەگەڕەکی هەواری تازە و سەرچناردا, دەکرێ تیشکێك بخاتە سەر حیجاب و جبە و جلوبەرگی ئاسایی تر. لەو شوێنانەدا کە ڕیفاهی کۆمەڵایەتی ئامادەیی هەیە, لە کوردستاندا نەك وەك بەرپرسیارێتی دەوڵەت بەرانبەر بە هاوڵاتییان, بەڵکو وەك شوێن پێی ئینسان لە پرۆسەی نزیکایەتی بوون لە پلەی خاوەن سەرمایەبوونەوە, ئەوا ئامادەیی دین و کاریگەری دانان لەسەر ئینسانەکان تا لە شێوەی ڕەفتار و چۆنێتی خۆپۆشینی ئەواندا, ژمارەکانی جبە و حیجاب دەکاتە دانەدانە. ئەم هاوکێشەیە لە نەبوونی ڕیفاهی کۆمەڵایەتی و نیشتەجێبوونی هەژاری لە ماڵەکاندا, پێچەوانەدەبێتەوە و ژمارەی حیجاب و جبەکان دەکاتە هەزاران. کاتێکیش بوونی چەندەها کادێری مووچەبەدۆلاری یەکگرتووی ئیسلامی لەگەڕەکە هەژارنشینەکاندا لەبەرچاوبگرین, ئەوا ئیتر بوونی حیجاب و جبە, دەبێتە سیمبوڵی سیاسی بۆ ڕەوتێك.

لە ماڵی ئاشنایەکدا نەسرین دەبینم. ئافرەتێکی سی ساڵانەیە و "بێوەژن" ە و خاوەنی دوو منداڵە. گێڕانەوەی زۆر یادگاری خۆش و نووکتە کە هەندێکیان بۆنی سێکسی لێدەهات, پێکەنین دەکاتە شادییەکی ساتەوەختی کۆڕەکە. من ڕووودەکەمە نەسرین: دەکرێ قەناعەتێکی مەزهەبی لە پشت حیجاب و جبەکەی بەرتەوە هەبێت؟ نا, بەڵام لەسەری دەژیم. منیش هێندە خۆم گێل نیشاننادەم تاکو بپرسم: ئاخر چۆن؟

لە ماڵی ئاشنایەکدا دانیشتووم و تەماشای ئەو ئەلبوومەدەکەم کە مێژوویەك لە ژیانی کوردستانی لەخۆی گرتووە. هەندێك وێنەی ناو ئەلبوومەکە کە هاوسەری ئاشناکەمی تیایە و لە زانکۆی سلێمانیدا گیراوە, ڕووم پێدەکاتە گێلاس: تەندوورە وەك مینی جۆب دێتە کوردستان. تەنانەت کچانی مەلاکەی گەڕەکی ئێمە و و کچانی حاجی خاوەندووکانیش مینی جۆبیان دەپۆشی. ئێستا تەندوورەکان بەگشتی زۆر درێژن. چ پێوەرێك ئەم کورتی و درێژییەی تەندووروکان دەخوێنێتەوە؟ گێلاس دەڵێت: ئەو کاتانە هوها نەبوو.

ئەوروپا خەونێکە و مالڕ بەماڵ دەگەڕێ. کەسێك لێمدەپرسێت: ڕاستە دەڵێن لەوێ سەد ساڵە کارەبا نەکوژاوەتەوە؟ دیلمان دەڵێ: دراوسێی برادەرێکم گەیشتۆتە نەرویج و ڕەسمێکی ناردووە کە لە دووکانی میوە فرۆشێکدا گرتوویەتی, بەدەستێکی دە مۆزی هەڵگرتووە و بەدەستەکەی تریشی لەو ژمارەیە زیاتر. لە پشتی وێنەکەشدا نووسراوە: ئەها من چۆن دەژیم! لەسەر شەقامی پیرەمێرد دوکانێکی وێنەگری لێیە و بە جامخانەی دووکانەکەیدا, چەندین وێنە وێنە هەڵواسراوە کە خاوەنی دووکانەکەیە و لە ژێر وێنەکانیشدا نووسراوە: ...... گویشتۆتە هۆڵەندە.

لە نامەیەکدا کە لە ئەستەمبوڵەوە هاتووە: تا ئێستا هەشت جار خۆم لە دەریای ئیجە داوە و گیراوم. هەر جارێکیش دەچمە سەر ئاو, بە دەنگی بەرز هاوار دەکەم و گۆرانییەکەی ناسر دەخوێنم و دەڵێم: پێت ناخنکێنرێم گۆمە شین. تۆ فەرەج کۆڵلەپشت و شاسوارت قووتدا. بەڵام لەبەرانبەر مندا هیچت پێناکرێ. گوێت لێ بێ گۆمە شین: یان گۆڕستان یاخود یۆنان.

دیاردەی کۆچ سەرتاپاگیرە. سەنتەری لاوان و گەنجان لە ڕاپرسییەکی گەورەدا کە بەسەر زۆرێك لە لاوان و گەنجاندا دابەشیکردووە دەپرسێت: تۆ پێتوایە هۆی کۆچی گەنجان بۆ هەندەران دەگەڕێتەوە بۆ بۆ کەمبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی لەلای ئەوان؟ دوو گەنج لە پاسدا لەپێش منەوە دادەنیشن. یەکێکیان دەڵێت: بە گۆڕی شەهیدان بەیانی کاسکێتەکەت بۆ دەهێنمەوە. ئەوی دیکەش لەوەڵامدا دەڵێت: کام شەهیدان؟ شەهیدانی سەرچنار یان زەرگەتە؟

ڕۆژانە زیاتر لەسەد گەنج, سەد نێری کورد, کوردستان جێدەهێڵن. ڕێژەی ژنهێنان و شووکردن, ئەگەر هێڵێکی بەیانی بۆ بکێشرێت, سەر بەرە و خوارە. ئەوانەی خێزان پێکدەهێنن, کەسانێکن کە لەباری ماددییەوە دەوڵەمەندن, یان کەسانێکن کە لە ئەوروپاوە دێنەوە. لە هەردوو بارەکەشدا, بە پێی قسەکەی گۆنا, "مۆدێل" ی هەشتاو سێ دەبەن. ئەگەرچی مۆدێلی خۆشیان شەست بێت. لە کوێستان و شەوبۆ ء شۆخان دەپرسم: دەرچوونەدەرەوەی نێری کورد و شووکردنیش بە پێی هاوکێشەی مۆدێلەکان, ئافرەتی کورد لە چ بارێکی نەفسیدا ڕادەگرێت؟ کاتێکیش ئەوە لەبەرچاو بگرین, کە خۆشەویستیکردن لەدەرەوەی خێزان قەدەغەیە. شەوبۆ دەڵێ: ئەی بۆ ناپرسیت سەنتەری "نەوا", ئەو سەنتەرەی بۆ ئەو ئافرەتانەیە کە لەباری نەفسییەوە کێشەیان هەیە, هێندە پڕە. شۆخان دەڵێ: سوپاس بۆ سەتەلایت کە چەندین کەناڵی "ڤینۆس" ی تیایە.

کاگ فاتیح ملیۆنەرە و بڕیارە کوردستان جێبێڵێت. پێیدەڵێم بۆ؟ ئێرە وڵاتی قەزا و قەدەرە. سەرمایە ئارامی سیاسی دەوێت. ئێستا حزب سەرمایەدارە. کێ دەتوانێ بچێتە مزایەدەیەکەوە کاتێك مەسئولین کارەکان بۆ خۆیان کۆنترۆڵدەکەن. ئاخر ناکرێت چوار ملیۆن بخەیتە گۆمەوە و گومرگ لە سەدا هەشتاوپێنجت لەگەڵدا بەشکات. من ناتوانم ژیانێکی ئاسوودە و ئارام بۆ خۆم و منداڵەکانم دابینبکەم.

له تاكسیدا دانیشتووم و هەواڵەکان باس لە دووا ئەنجامەکانی دانیشتنەکانی نێوان پارتی ویەکێتی و ڕێککەوتننامەی واشنتۆن دەکەن. بەشۆفێرەکە دەڵێم: پێتوایە ڕێککەون؟ کورە خۆ خوا کەری نەکردوون. کێ خوا میللەتێکی کەری وەکو ئێمەی دەداتێ؟ کاتێك ئەو لەولا تیجارەتی ملیۆن دۆلاری ڕۆژانەی خۆی دەکات و ئەمیش لەملا بە هەمان شێوە. ئوممەی موتتەحیدەش بایعی تەوزیعەکات و بەخێوکردنی ئەو خەڵکەی لەکۆڵکردوونەتەوە. من و هەزاران کەری کەش نووزەیەك ناکەین. ئازیزەکەم! دووکان و بازاڕی وا کێ خوا دەیداتێ؟ ئێستا هیچ ناکەن و دێن و گیرفانیان دەکەن بەیەك, ئاخر گیرفانەکان جیاوازتر بن, بێ دەردی سەریترە بۆ ئەوان.

"شوکاك" دەڵێ: لەسەربان مەخەوە! ساردی کردووە و تاقەتم نییە بەیانی بەچەکوش و قەڵەم بتکەمەوە. دەچمە ناو جێگاکە و لەم بێکارەباییەی شاردا لە ئاسمان دەڕوانم. کچە شەش ساڵانەکەی دێتە لام و دەڵێ: ئەها ئەو هەموو چۆلەکەیە. دەستەکانی بۆ ئاسمان ڕادەکێشێت. ئەی من بۆ نایانبینم؟ وەڵامی دەدەمەوە. چۆن نایانبینیت؟ ئەها ئەو هەموو ئەستێرەیە! من بێدەنگدەبم. بۆ نازانیت, ئەستێرەکان چۆلەکەکانی ئاسمانن. ئەوان بەڕۆژ دێنەخوار و ئێوارانیش دەفڕنەوە و دەچنەوە بۆ کونجی ئاسمان و لەو سەرەوە سەیرماندەکەن.
بۆ ڕۆژی دوایی, دێمەوە ماڵ و دەچمە سەربان. دەمەو ئێوارە, لە فڕینی ئەو چۆلەکانە وورددەبمەوە کە بەرە و سەرەوە, بەرە و جەرگەی ئاسمان, پۆل پۆل دەفڕن.

"ڕاسیزم" یێك بە کۆلانەکاندا دەگەڕێ. لەسەر کورسی چایخانەکاندا چەندەها دەخاتە پێکەنین. تەناتەت منالانی ووردەواڵەفرۆشیش دەستیدەگرن و دەیبەنە شوێنی تر: هەورامییەك مانگایەکی زززەردی پێیە. جیاوازی نێوان هەولێری و سەماوەر چییە, کەرکوکییەك و دووکەر پێکەوە ڕێدەکەن. "ڕاسیزم"یێك نوکتەی کردۆتە ڕۆژنامەی خۆیی و کونج بە کونجی ماڵەکانی کوردستان دەگەڕێ.

" قەرەج دزە, قەرەج درۆزنە, قەرەج......", ئەم بە گشتیکردنە بۆ سەرنجدان لە ئینسانەکان کە لەژێر چەترێکی ئیتنی و کولتوریدا پێناسەدەکرێن, ئیزابیل فۆنسێکاس ناچاردەکات کە گەشتێکی پێنج ساڵە بکات بۆ ناو جیهانی قەرەجەکان و دنیای بەگشتی سەرنجلێدراوی ئەوان. ئیزابێل لەبری وێنەیەکی لەیەکچووی قەرەجەکان, قەرەج لە بوونێکی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆردا دەدۆزێتەوە کە پێناسەکانی کولتوری قەرەج, فەرهەنگی قەرەج, ناتوانێت ببێتە شوناسێکی دەستەجەمعی بۆیان.
ئەمرۆ لە کوردستاندا پێویست بە ئیزابیلێکی تر ناکات تا گەشتی چەندین ساڵەی خۆی بۆ کوردستان دەستپێبکات و بەو ئەنجامە بگات: کە چەترێك نییە ئینسانی کوردی لەژێردا کۆبکرێتەوە و پێی بووترێت کولتوور یان فەرهەنگی کورد. ئاخر کارێکی زۆر سەخت نییە تا ئەوە ببینیت کە چۆن هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی لەو شوێنانەدا کە بالادەستی خۆی هەیە, جۆرێك لە فەرهەنگ و کولتووری کۆمەڵایەتی بەرهەمدێنێت. فەرهەنگ و کولتوورێك کە لە شارێکی وەك هەڵەبجەدا بالادەستە, دەبێتە جێی توانج و پلاری کەسێکی تر کە لە کارگەی ئەلبیسەدا کاردەکات. ئەوەی کە لە جیهانی ئەمرۆدا

دەکرێ دژی مارکس بێت, لەگەڵ مارکسدا بێت, بەڵام بەبێ مارکس نەبێت, بە تەواوەتی لە کوردستاندا ئامادەیی خۆیی هەیە.

"ئەوانەی کەرویشکیان خۆشدەوێت دەبنە ڕابەر" پەیامی نووسەری ئیرلەندی "ڕۆبێرت ماککلایم وێڵسن" ە. ماککلایم دەنووسێت: ئەگەر دەتەوێت لە دنیانی ئەمڕۆدا کەسێك دیفاع لە مافە ئینسانییەکانت بکات, باشتر وایە ببیت بە درەختێك یاخود فیلێك"

هیچ کاتێك ئینسان وەك بابەت لەمڕۆدا و لە کوردستاندا هێند پێویستی بە دووبارە سەرنجدانەوە نەبووە. کەچی شیعری کوردی بە شێوەی گشتی, لە مەرگی مارمێلکەکان و پیر بوونی هەنجیر و ناڵەی لەقلەق و ترەکاندنی هەنار و بۆنکردنی بنباڵی زەردەواڵەکاندا وێڵە. ئامادەیی "سهراب سپهری" لە کۆڕی ڕۆشنبیری و شیعری کوردیدا هێند گەورەیە کە زۆر جار خۆت لەبەرانبەر چەندین وێنەی شیعریدا دەبینیتەوە, تەنانەت لەبەرهەمی شاعیران و ڕۆشنبیرانێکدا کە خاوەن ناو و قەڵەمی ناسراوی خۆیانن, کە خوێنەر هەستدەکات شیعرێکی سهرابە و بە کوردی نووسراوە.

ئامادەیی سهراب بە تایبەت لەمڕۆی کەشی ڕۆشنبیری کوردیدا, لە خۆدۆزینەوەی شاعیری کورددا نییە بۆ دووبارە ڕێزلێگرتنەوە لە سروشتێك کە کە دیدی زاڵی ناسیۆنالیزمێکی دێهاتی وای لێکردبوو, پشیلەی بە سپڵە و کوندەپەپووی بە شووم و گوڵاڵەسوورەی بە شای گوڵان لەقەڵەمدەدا. بەڵکو ئامادەیی سهراب بەرئەنجامی زاڵبوونی دیدێکە کە تیایدا: ( ڕۆشتنی ئەو شەمەندەفەرەی کە فقە دەبات لە لا سەنگینترە لە ڕۆشتنی شەمەندەفەرێك کە سیاسەت دەبات و خاڵی دەڕوات. )

کەچی ژنە شاعیری پۆڵۆنی "دۆمبۆرشکا" لە کۆمەڵە شیعری "یۆتۆپیا"دا دەنووسێت: ئەو پرسیارانەیشی کە هێشتا نەمانکردوون, سیاسین. مام برایمی عەرەبانچیش دەڵێ: ئەو کاتانەی هێرشی عەرەبانەشکاندن سەرتاپای شارەکان دەگرێتەوە, یەکسەر دەزانم جەولەیەکی تری شەڕ بەڕێوەیە. ئاخر ئەوان دەیانەوێت ئێمە لە هەموو هەکارێکی خۆبژێوییەیداکردن بێبەری بین, تاکو ببینە چەکداری ئەوان.

هەواڵی سەختترین بۆمبارانی سەرایڤۆ لە ماڵەکەمدا وەك بۆمب دەتەقێت. من کەناڵەکە دەگۆڕم تا کچەکەم وێنە سامناکەکانی جەنگ نەبینێت. ئەو دەپرسێت: بابە کاتێك شارێك بۆردوومانەدەکرێت, کۆترەکانی بۆ کوێ دەچن؟ من بێدەنگم. ئەو لێمدەڕوانێت و دەچێتە ژوورەکەی خۆی.

ڕۆژی دوایی: بابە ئەمڕۆ لە "سلۆتس سگوون" بووین. پۆلێ کۆتر بەسەرماندا فڕین, بەڵام هیچیان لای قاز و مراوی و کۆترەکانی سەر ئاوەکە نەنیشتنەوە, بابە, تۆ پێتوانییە کۆترەکان هێشتا ترساو بن؟

لە شەهێن دەپرسم کە ماڵیان دەبێتە جێگای خەستترین شەڕەکانی یەکێتی و پارتی: کەنارییەکەت زۆر خۆشدەوێت؟ بەڵێ, بەڵام کەنارییەکەم شێت بووە. دەپرسم بۆ؟ چونکە بۆ زیاتر لەچەند شەو و ڕۆژێك هەر گوێی لە زرمەی تۆپ و تەقەی گوللە بوو. ئێستاش کاتێك بمەوێت بۆم بخوێنێت, دەبێ تەقە تەقی بۆ بکەم, یان بەدەم فیشەکی بۆ بتەقێنم.

له شۆفێرێکی ناو شاری دهۆك دەپرسم: کەمتر سەیتەرە لەناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پارتیدا دەبینرێت؟ کەمێك بێدەنگ دەبێت و لێمدەڕوانێت: سەیتەرە و چەکداری بۆ چییە, کاتێك دەستگای پاراستن جووڵەی بچووك و گەورەی کۆمەڵی لە ژێر چاوەکانی خۆیدا دانابێت.

لەگەڵ "هاوکار" دا دەگەینە سەر پردەکە. لەو شەقامەی کە بەبەر مزگەوتی گەورەدا هەڵدەگەڕێت, پاسێك ڕاوەستاوە و چاوەڕوانی پڕ بوونی کورسییەکانییەتی. هاوکار دەپرسێت: خەتی ئەو پاسە چ تێبینییەکت لەلا دروستدەکات؟ سەرنجدەدەم نووسراوە: ڕاپەڕین \ ئاوارەکان . بۆ ساتێك دەگەڕێمەوە بۆ ڕۆژێکی دوای ڕاپەڕین و لەگەڵ هاوڕێیەکمدا بە ئۆتۆمبیل بە شەقامی قەناتدا هەڵدەگەڕێین. هاوڕێکەم سەرنجێکی ئەو بەری شەقامەکە دەدات و پێمدەڵێ: گوڵەبەڕۆژەفرۆشەکەی سەرجادەی قەنات, پیرەمێردە حەفتا ساڵانەکە, هێشتاکە بە دیار گوڵەبەڕۆژەکەیەوە دۆشداماوە. قسەکانی هاوڕێکەم بۆ من ڕۆشن نین. ئەو پاش کەمێك بێدەنگی دەڵێت: ناکرێ ئەوەی کە گوڵەبەڕۆژە فرۆشەکەی جادەی قەنات هەر لە شوێنی خۆیدایەتی و بستێك جێگۆڕکێی نەکردووە, خوێندنەوەیەکی ترمان بۆ چەمکەکانی ڕاپەڕین و ئازادی پێبدات؟
پاش کەمێك لە دنیای خەیاڵی خۆمدا دێمەدەر و دووبارە دەگەڕێمەوە بۆ سەر شەقامی پردەکە و بیر لە کارتۆنی سەر پاسەکە دەکەمەوە: ڕاپەڕین \ ئاوارەکان. بۆچی لەناو پەیامەکانی ڕاپەڕیندا ئاوارەیی جێیدەبێتەوە؟ بۆچی ئاوارەیی و ڕاپەڕیوان لە ڕستەیەکدا کۆدەکرێنەوە و دەبێتە وێنەیەکی سادەی بەرچاوی ئینسانەکان؟
"سوارەی ئیلخانی زادە" , لە لێکدانەوە و ناساندنی شیعری شەوەی "فاتیحی شێخولئیسلامی"دا, تیشکێك دەخاتە سەر پیرەمێردە گوڵەبەڕۆژە فرۆشەکەی سەر جادەی قەنات و هۆی ئامادەیی چەمکی ئاوارەیی لە ژیانی ڕاپەڕیواندا ئاوا دەناسێنێت: (ئادەمیزادێکی سەرلێشێواو و کلۆڵ بێنە بەرچاو!لە شەوێکا, شەوێکی کپ و کڕ و کاس. هەتا چاو بڕشتی هەبێ تاریکییە و بێدەنگی, وەها کە ئادەمیزاد ئەسیری شەوە و تەنانەت لە بوونی خۆیشی دەکەوێتە دوودڵییەوە. تەنانەت هەناسەکێشان و ڕوانینی چاو و هەستپێکردنی سامی شەو, ناتوانن ئەو دڵنیابکەن کە هێشتا زیندووە. لەم حاڵەدا, لەم حاڵەدا کە نەتەواو نەبوونە و نەتەواو هەبوون, دەنگێك لە دوورترین سووچی شەوەوە دێتە گوێ. ئادەمیزادی بەندی زیندانی شەوگار, هەستدەکات کە زیندووە و شعووری گەرمی هەبوون بە گیانیا دەگەڕێ. دەنگەکە پەرەگردەبێ, بەرزتر و نزیکتر دێتەبەرگوێ. ئادەمیزادی تاسەبار تەواوی هەستی خۆی لە گوێیدا کۆدەکاتەوە تا بزانێ ئەم دەنگە خۆشە کە مزگێنی ژیان و هەبوونی پێوەیە چییە؟ بەڵام دەنگەکە هێشتا دوورە. ناچار ئادەمیزادی بەسوێ و تامەزرۆی دەنگی بزووتنی ژیان, بیردەکاتەوە: جارێ بەدڵیا دێت ئەمە دەنگی نووحە. جارێ لەبەر خۆیەوەدەڵێ: نا, دەنگی نرکەی تەوربەدەستێکە کە خەریکی هەڵپەرتاوتن و بڕینی لق و پۆپی دارسانە تا ڕێگایەك بەرە و شاری ڕووناکی بکاتەوە. جارێکیش دەڵێ: ئەمە دەنگی دەنووکی مەلی بەیانە کە پەرژینی سەختی شەو کووندەکا تا دەرووبەك لەسەر پرشنگی هەتاو بکاتەوە. دەنگ هەر دێ و نزیکتردەبێتەوە تاکو دەبێ بە شەقژنێکی تاڵ و مەرگهێن. لە

پێشا ئادەمیزاد لە بێدەنگی و خامۆشی شەو دەترسا, ئەمجار دەروونی پڕدەبێ لە سامی دەنگەکە و تێدەگا: ئەو زەمزەمە نەرمە کە لە دوورەوە وەك پتەی سەر ئاو بوو وە زایەڵەی دەتگووت هەڵقوڵینی کانییە, کاتێك نزیك بوەوە, بوو بە دەنگێکی ترسێنەری مەرگاوی کە چەشنی شەوە گەرووی ئادەمیزادی تەنیا و بە هەڵەچوو دەگوشێ.)

ئەوەی کە جیگۆڕکێیەك لە ژیانی پیرەمێردێکی سەر شەقامێکی کوردستاندا پێکنایەت و پاسی خەتێکی شارەکانی کوردستان بۆ دوو گەڕەك دەچێت کە یەکێکیان گەڕەکی ڕا پەڕینە و ئەوی دیکەیان ئاوارەکان, دەکرێ ئەو پرسیارە بهەژێنێت: خەڵکی کوردستان بە دوای کام دەنگەوە ڕا پەرین؟

بەڵام پرسیاری شیاو بۆ ئەمڕۆ لە ڕابردوو نییە, هێندەی پرسیارێکە لە داهاتوو: ئایا زایەڵەی ئەو دەنگە لەمڕۆدا بۆ خێڵی ڕا پەڕیوان لە هەڵقوڵینی کانی دەچێت؟